




# لە (بانگی کورد)ـەوە ١٩١٤ بۆ ڕامان

**سەلام ناوخۆش**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)**

جاران دەوترا، کورد کاری نیوەچڵی دەکەن، هیچی تا سەر ناکەن. شۆڕش و ڕاپەڕینەکان هەموو لە نیوەی ڕێ بەر ئاستەنگێک کەوتوون، یان دەکەون، لە سەردەمی دەرکەوتنی ڕۆژنامەی کوردییشدا، هەر کاری پچڕ پچڕ بووە. لە یەکەم گۆڤاری کوردییەوە، بانگی کورد ١٩١٤، تا دەرکەوتنی حوکمڕانی زیاتر لە نیو سەدە، لەو گۆڤارەوە تا گۆڤاری ڕامان بە سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار دەرکەوتوون، بەڵام زۆربەیان هەرزوو جوانەمەرگ بوون، درێژترینیان لە گۆڤار، گۆڤاری گەلاوێژ بوو، ئەویش تەنیا (١٠) ساڵ بەردەوام بوو، لە ڕۆژنامەش ڕۆژنامەی ژین، ژیان بوو.

سەیرەکە لەوەدایە هەندێ لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە، وڵاتێکی وەک بەریتانیا ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەری کردوون، لەوانە هەردوو ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، (٦٥) ژمارە، پێشکەوتن، (١١٨) ژمارە، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ١٩٤٣ - ١٩٤٧.

گۆڤاری ڕامان یەکەم گۆڤاری کوردییە لە سەرانسەری کوردستاندا دوور لە خێوی ئایدیۆلۆژیا، میوانی ڕەزا سووکی کوردانە بە پێچەوانەی سیاسییەکانەوە تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی کوردی هەر چوار پارچە، یان هەر چ نەبێ کوردی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات لە خۆی کۆبکاتەوە! ئەمە چیمان پێ دەڵێت؟ پێمان دەڵێت ئێمەی کورد لە سیاسەت، ئایدیۆلۆژیا پەرتەوازە و ناتەباین، بەڵام دەتوانین لە دەریای ڕۆشنبیری هەموو پێکەوە مەلە بکەین، بەشێوەیەک تەنانەت کەس نیازیشی نەبێ ملی، یان پەنجەی براکەی بشکێنێ، یان بیخنکێنێ!

سیاسییەکان، نەتەوە دروستکردن، نەتەوەسازی لە ئاشتەوایی و تەباییدا نەشونمادەکات، جا ئەگەر ئێوە نیازتانە شوناسێک بۆ کورد دروست بکەن، بە ئەسپایی، بەبێ غەڵبە غەڵب، چاو لە گۆڤاری ڕامان بکەن، چونکە ئەو گۆڤارە توانی لە ماوەی زیاتر لە (٢٢) ساڵ، دوور لە ئایدیۆلۆژیا، دوور لە حزبییەت، نزیک لە خەمی کورد، بە کۆڵێک خەمەوە بەردەوام بێت، توانی پێچەوانەی سیزیف، بە یەکجاری بەردەکە لە هەورازەکە سەر بخات و پەندە سیزیفییەکەی جاران هەڵوەشێنێتەوە.